# بۆ کورد : لەسەربەخۆیی کەمتر قۆڕەمافە



د. ئەحمەدمیراودەلی
mirawdaly@hotmail.com

بەهەڵوەشانەوەی وڵاتی ئێراق ؛ دواى نزیکە سەدەیەک ژیانی ناو دۆزەخ لەگەڵ ئەوانەی ئێمە پێیاندەڵێین برا ، نەتەوەکەمان ، هەلێکی زێرینی بۆ ڕەخسا ، بەمافی چارەنووسی خۆی بگات . وەلی وەک ئاگادارین ، لەجیاتی لەگۆڕنانی ناوی ئێراق بۆ هەتاهەتایە ، گەلی کوردستان بەدووی دەنگی بلوێرژەنانی جادوو کەوت کە ، بەڵێنیان دابوو ، مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووس بۆ دانیشتوانی کوردستان لە دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا بچەسپێنن . بەداخەوە جادووگەران کە مەبەستم تەنیا دوو ناسۆرەکەی بن هەنگڵی کورد " یەکێتی و پارتی نییە" ، بەڵکو زیبکەکانی دەوروبەریشیان دەگرێتەوە ، بەتایبەتیش ئەوانەی داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و لەپێش پارتی و یەکێتیشەوە دەگەیشتنە بەغدا بۆ بەشداریکردن لە داڕشتنی دەستووری ملشۆڕیدا .

پێشتر و لەسەردەمی داڕشتنی دەستووریشدا ، پارتی و یەکێتی پێشێلکردنی هەندێک لە مافە ڕەواکانمانیان کردە هێڵی سوور بۆ عەرەب ، ئەمەش هەموو کوردستانییەکی دڵ خۆش و سەربەرز کرد ، دواتر وەک گیسکەکەی هەیاسی خاسیان بەسەر هێناین ، ڕۆژێک دڵ خۆش و ڕۆژێک ماتەمیان دەکردین . قودس و دڵی کوردستان ، وردە وردە کاڵبوونەوە و ئێستا باویشیان نەماوە ، خەڵکی قودس و دڵە حەیاتە دەربەدەرەکەش ئەوڕۆ لە سلێمانی ، شاری هەڵمەت و قوربانی ، لە سایەی سەرکۆماری عێراقەوە کولانەکانیان بەسەردا دەڕمێنرێ .

سەرکردایەتی هەردوو زلحیزبەکە هەرنەبووایە بۆ ڕوسووری خۆیان ، دەبوایە سنوورێک بۆ پێشێلکردنی هێڵەسوورەکانیان لەلایەن عەرەبەوە دابنێن ، و خۆشیان و میللەتەکەش نەکەنە گاڵتەجاڕی ڕەگەز پەرستێکی عارەبی وەک قیشتینی .

دواى ئەوەی لە ڕیفەڕاندۆمی نا ڕەسمیدا نزیکەی99% ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا ، کە ویستی ڕاستەقینەی گەلی کوردستانی دەسەلمێنێ ، دەبێ بپرسین ، ئەگەر سەرکردایەتی پارتە کوردستانییەکان ڕێز لەویستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان نەگرن و ، سەربەخۆیی نەکەنە درووشمیان و هەوڵی ڕاستەقینەی بۆنەدەن ، دەبێ پارتی چ گەل و چ وڵاتێکبن .

ئاخر سەرکردە ئەوانەن کە پشتبەستن بە تواناو ووزەی نەتەوەکەیان و هەوڵدەدەن خەونی نەتەوەکەیان بهێننەدی ، نەک خەونەکانیان بەتاڵکەنەوە .
زۆر جێگەی سەرسڕمانە کە هەتا ئێستا ، پارتی و یەکێتی نە وەفاداربوون بۆ خەڵکی کوردستان و نە بەڵێنێکیش لەوانەی داویانە بەدانیشتووانی کوردستانیان بردۆتە سەر ،کەچی هەرکاتێکیش بیانەوێ وەک ڕانە مەڕ دیبەنە بەردەمی گورگ . یەکەمجار ، خەڵکەکەیان هەڵخلیسکاند بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێراقدا و بەمەش شەرعییەتیان دایەوە وڵاتی ئێراق . ئێستاش دەیانەوێ بە (ئا) دەنگدان بۆ دەستووری ئێراق ، کورد بەرەو هەڵدێرێکی تازە بەرن . سەرکردایەتی یەکیەتی وپارتی کە بۆخۆیان ڕێژەی ئێراقچێتییەکەیان سەد دەر سەدە ، ڕۆژانە لە ڕێگەی دەزگای ڕاگەیاندنەکانیانەوە هەوڵی بەرزکردنەوەی هەستی ئێراقچێتی دانیشتوانی گەلی کوردستان دەدەن .
دوو ڕۆژ لەمەوبەر ، لە کوردستان تی ڤی ، هاوپەیڤینێک لەگەڵ( د . تالیب کاکەیی) پەخش دەکرا ، جا نازانم دووبارەبوو یان ڕاستەوخۆ ، هەرچەندە لە سەرەتاوە هاوپەیڤینەکەم نەبینی ، لێ مەبەستی پرۆگرامەکە هاندانی خەڵکی بوو بۆ بە ئەرێنی دەنگدان بە یاسای پێشنیارکراو بۆ ئێراق ، دکتۆر تالیب لە کۆتاییدا بێ ئەوەی بەڕێوەبەری بەرنامەکە پرسیاری دەربارەی دەنگدان لێ بکا ، بۆخۆی دەستپێشکەری کردوو داوای لە هاو وڵاتیانی کوردستان کرد بە ئەرێ دەنگ بە دەستوور بدەن . لەوانەشە بەڕێزیان لە لیژنەی داڕشتنی دەستوورەکەدابن . نازانم کاکی دکتۆر چۆن ڕوویدەهات هێندە بەشانوباڵی دەستوورەکەدا هەڵدا . جا لێرەدا ناچارم لە دکتۆر تالیب بپرسم ، چۆن ئاوا ڕای بەڕێزیان گۆڕا دەربارەی سەربەخۆیی ؟ دیارە کاکە تالیب لەبیریچۆتەوە ،کە دوای بەیانی یازدەی ئازار ، لەکۆنگرەی هەشتی پارتیدا یەکێک بوو لەو کەسانەی دەیانویست داواکاری سەربەخۆیی کوردستان بکەنە بەندێکی پێڕەو و پرۆگرامی پارتی کە ئەوکاتە ئەندامی ئەو پارتە بوو ، یان ئەوەی بیرچۆتەوە کە بەڕێزیان لەگەڵ ( حسێن عەلی باوە ) لەساڵی 1979 لەشاری " ڤییەننا" لە نەمسا مانیفێستۆی پارتێکی نووسی کە داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی دەکرد . بێگومان قسەکانی تالیب کاکەیی وکەسانی وەک ئەوم لا سەیر نییە ، ئاخر یەکییەتی و پارتی بۆفریودانی جەماوەر ، ڕۆژانە تەپیوی بەناو ڕۆشنبیر وەک مەیموون لە دەزگای ڕاگەیاندنەکانیاندا سەماپێدەکەن .

ڕەشنووسی دەستوور ، بە بۆچوونی زۆر لە شارەزایانی یاسا لەکورد و بیانیش ، پێکهاتەیەکی ناکۆک و دژایەتی ئامێزە . لەڕاستیدا شارەزایی لەیاسا گەرەک نییە بۆ بینینی دژە ئامێزی نێو یاساکە ، ئاخر پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێراق لەکوێ و ئەندامبوونی لە جامیعەی دەوڵەتە عەرەبییەکان لەکوێ ؟ ئایا ئەم بڕگەیە ئەوەش ناگەیەنێ کە ، باشووری کوردستان خاکی

عەرەبە و ئێمەش لەسەر خاکی خۆمان میوانێکی ڕەزاقورسی سەرورگی عەرەبین؟ ئایا هەرئەو بڕگەیە ئێراق ناکاتە وڵاتێکی عەرەبی؟
ئەی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانتان بە ئاوی چ ئاشێکدابرد ؟
ئەی باشە چۆن لە هەمان کاتدا کار بە شەریعەی ئیسلامی و پرینسیپەکانی دیموکراسی دەکرێت ؟
خۆ هەرئەوەندەی شەریعەی ئیسلامی کە دەڵێ (ان الرجال قوامون على نسائهم) بەسە بۆ سەپاندنی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری کە ، بەکۆیلەکردنی نیوەی کۆمەڵگادەگەڕێتەوە کە ژنانن !

جێگەی داخە سەرکردایەتی کوردی لەهەموو بەشەکانی کوردستان وەک یەک بیردەکەنەوە ، هەموویان وادەزانن ڕێگەچارەی کێشەی کورد ، لە ئەنقەرە و تاران و بەغداوە سەرچاوە دەگرێ نەک لە وزەی بێ سنووری نەتەوەکەیان . لەجیاتی ڕێزگرتن لە ئیرادەی نەتەوەکەمان و زیاتر گۆشکردنی بە گیانی کوردستانپەروەری گۆشبکەن ، دێن جەماوەر بە گەلەکۆمکێی دوژمنان لەسەری دەتۆقێنن ، قەوانێک کەباوی نەماوە و لەمێژە سواوە .
ئەگەرچی بەڕای خۆم لەسەربەخۆیی کەمتر بۆ کورد ، هەرشتێکیتر و لەژێر هەربریق و باقێکدابێ قۆڕەمافە . وەلی دەبێ سەری ڕێزگرتن بۆ داواکارییەکانی گەلی باشوری وڵاتەکەمان بنەوێنین کە ، داواکارە بە بەندێک مافی چارەنووسی لە دەستووری ئێڕاقدا سەلمێنرابێ . سنووری باشووری وڵاتەکەی دیاروکرابێ . پێشمەرگەکانی وەک هێزی پێشمەرگە بمێننەوە نەک بەجاشپۆلیسی سنوور . جا کە ئەمانە هیچیان لەدەستووردا نین ، ئەوەی کە نەستێندراوە بەڵکو وەرگیراوە ، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان وەرگرتن و ستاندندا و ، سەرکردایەتیش باسی وەرگرتن دەکاو وێڕای بەکارهێنانی وشەی ستاندنی نییە . بڕوابکەن لەقۆڕەمافیش کەمترە و ئەوکەسەی بە هۆشیارییەوە دەنگی "ئا"ی پێبدا ڕووڕەشی مێژوو دەبێ .

کەنەدا 2005/10/2